www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-6-2006 18:35

## حکومەتێکی بێکەس ... بەختیار شاخی

bshakhy@hotmail. com



کە دەبینم بەرهەمی ماندووبوونی حکومەت بە فیرۆ دەچێت لەناخەوە خەمی بۆ دەخۆم، حکومەت پرۆژە دەکات، هەر حکومەتیش پرۆژەکە تێک دەداتەوە، شەقامێکی جوان دەبینی کە دەزگایەکی حکومەت تازە تەواوی کردووە، هێشتا جێی تایەی ئۆتۆمبێل بەتەواوی لەسەری دەرنەچووە کە دەزگایەکی دیکەی حکومەت دێت و هەڵی دەکەنێتەوە. ئەم لایەنەیان پەیوەندیی بە نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان و تەنانەت لەنێوان چەند دەزگایەکی سەربە یەک وەزارەت هەیە و من خۆمی لێنادەم و کاری منیش نییە، ئەوەی لای من بۆتە عەنتیکە ئەوەیە پرۆژە هەیە بەڵام کە گوێ لە قسەی خەڵک دەگری یەک دنیا گلەیی دەبیستی و ئەگەر یەکێک لە شوێنێکی دیکەوە بێت و گوێی لەو قسانە بێت وادەزانێ هیچ نەکراوە یان کراوە بەڵام ناتەواوە، ئەوە لێرەدا وات لێدەکات پڕ بەدڵ خەم بۆ حکەموت بخۆی کە ئاوا بێکەس لە مەیدان ماوتەوە و کەس قسەیەکی خاسی بۆ ناکات، راگەیاندنە نا حکومەییەکان بە کەیفی خۆیان کەوتوونەتە گیانی حکومەت و دەیانەوێ حکومەت وەڵامی هەبێت بەڵام حەرام ئەگەر شتێک ببیستی، ئەگەر حکومەت دەیەوێ بزانێ دەردەکە لە کوێیە من پێی دەڵێم، دەردەکە ئەوەیە کە حکومەت خۆی بەرگریی لە خۆی ناکات چونکە راگەیاندنی حکومی نە تاقەتی خوێندنەوەی رەخنەکانی هەیە و رەنگە هەر نەشی بیستێت و ناشیهەوێت وەڵام بداتەوە. کەواتە ئەوەی غەدر لە حکومەت دەکات راگەیاندنی ناحکومی نییە، رەنگە ئەو هەر بایی ئەوەندە زانیاری لەلا بێت و بیهەوێت حکومەت بێنێتە ئاخاوتن، ئەوە راگەیاندنی حکومەتە کە ئەرکی خۆی راناپەڕێنێت و غەدر لە خۆی و لە حکومەتیش دەکات. کابینەی ئێستا وتەبێژێکی رەسمی بۆخۆی داناوە، بەڵام ئەو وتە بێژە کاری ئەوە نییە لە جیاتی راگەیاندنی وەزارەتەکانیش کار بکات، پێویستە راگەیاندنی وەزارەتەکان، بەتایبەتیش وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان، کارێک بکەن کە خەڵک ئاگاداری تەواوی چالاکییەکانی وەزارەتەکان بێت و کۆتایی بەو هەموو پرسیارە بێ وەڵامانە بێت.